**مەکتەبی سەرۆکی پەرلەمان ئامادە بن لەبارەی ئەم مەوزوعەوە تا گفتوگۆی لەسەر بکەین، فەرموو کەرەم بکە.**

**بەڕێز عدنان عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**جەنابت لە قسەکاندا باسی ئەوەت کرد، کە لە 11/25/ نامە بۆ حکومەت نێردراوە، داوای لێ کراوە کەوا بودجەی خەملێنراو بنێرن بۆ پەرلەمان، وەك جەنابتان و بەڕێزان دەزانن لە پێڕەوی ناوخۆ باس لەوە دەکرێت، کە بودجە دەبێت لە سەرەتای تشرینی یەکەم بگاتە پەرلەمان، ئێستا نزیك بە چوار مانگ دەبێت کە بودجە تاخیر بووە بۆ هاتنی بۆ پەرلەمانی کوردستان، من لەم رووەوە سێ پرسیار لە بەڕێزتان دەکەم:**

**یەکەم/ ئایا سەرۆکایەتی پەرلەمان بە ئەرکی خۆی هەڵستاوە؟ کە داوا بکات لە کاتی خۆیدا، واتا لە سەرەتای تشرینی یەکەمدا داوا لە حکومەت بکات بودجە بۆ پەرلەمان بنێرێت، بەتایبەتیش ئێمە وەك فراکسیۆنی گۆڕان دوو رۆژە نامەمان ناردووە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، داوامان کردووە کە بودجە لە کاتی خۆیدا بێت، کە کاتی خۆی بودجە مانگی (دە)یە، نەك کۆتایی مانگی یەك، ئایا دوای تاخیر بوونەکەش سەرۆکایەتی پەرلەمان هیچ نامەیەکی بۆ سەرۆکایەتی حکومەت ناردووە؟ داوای روون کردنەوەی هۆکاری نەناردنی بودجەکە بکرێت بۆ پەرلەمانتاران.**

**دووەم/ ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا هیچ روون کردنەوەیەکی فەرمی، رەسمی بۆ پەرلەمان ناردووە؟ کە یەکەم پۆزش بێنێـەوە. دووەم روونی بکاتەوە کە هۆکاری دواخستنەکە چیە؟ بخرێتە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان.**

**سێیەم/ ئایا پێش پەسند کردنی بودجەی حکومەتی هەرێم، جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆی هەیە لە راگەیاندنەکاندا ریکلام بۆ بودجە بکات و وردەکارییەکانی بخاتە بەرچاوی خەڵکی کوردستان و پێش پەسند کردنی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە؟ لەگەڵ سوپاسمدا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ جەنابت، بەنیسبەت داوایەکە، نوقتەی نیزامیە؟ ئەگەر نیزامی بێت فەرموو.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من دوو خاڵم هەیە، تکایە گوێم لێ بگرن.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر نوقتەی نیزامی بێت، باشە، بەلاّم نیزامی نەبێت زیمنی جەدوەل نەبێت مەجالت پێ نادەم خوشکی من، ئەگەر نیزامییە باشە، ئەگەرنا پاشان وەرە لای من.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر رێگام پێ نادەن بەڕاستی وا هەست دەکەم مافم پێشێل دەکرێت لەم پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر نوقتەی نیزامی نییە، نابێت، چونکە دەمەوێت ئیلتیزام بکرێت، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزتان لە قسەکانتان باسی ئەوەتان کرد کە ئێمە (29) کەس نامەیەکمان ئاراستەی بەڕێزتان کردووە بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی، بۆ بانگهێشت کردنی وەزیری دارایی، بۆ ئەوەی بۆمان روون بکاتەوە هۆکاری دواکەوتنی بودجە، دیارە ئێمە بەپێی پێڕەوی ناوخۆ لە ماددەی (6) بڕگەی (1) یەك لەسەر چوارە، یەك لەسەر چواری (111) ئەندام، من مامۆستای بیرکاریمە دەکاتە (28)، ئێمە (29) کەسین، ئێمە داوا دەکەین کە ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجام بدرێت، دیارە پێشتریش هەر لەم پەرلەمانە باسی ئەوە کراوە، کە هۆکاری دواکەوتنی بودجە ئەوەیە کە لە پەرلەمانی عێراق پەسند نەکراوە، هەتا ئێستاو ئەم لەحزەیەش لە پەرلەمانی عێراق بودجە پەسند نەکراوە، واتا ئەو تەبریرانەی پێشوو بێ بنەما بووە، بۆیە داوا دەکەین داواکاریەکەمان پێش ئەوەی بودجە موناقەشە بکرێت جێ بەجێ بکرێت، وەزیری دارایی بانگ بکرێت، بۆ ئەو بەرپرسانەی کە کەم تەرخەم بوون و پەرلەمان لێ پێچینەوەیان لەگەڵدا بکات.

خاڵی دووەم/ مەسەلەی حیسابی خیتامی ساڵی 2008 و شەش مانگی یەکەمی 2009 پێویستە بگاتە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئەمە بکەنە بنەمایەك بۆ موناقەشە کردنی ئەم بودجەیە، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان بەرچاویان روون بێت، لەبەرچی بەدواداچوون بۆ ئەم بودجەیە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەنیسبەت داوایەکەی ئێوەی بەڕێز بۆ دانیشتنێکی نائاسایی، ئێمە موناقەشەمان کرد، دیارە خەلەلێك لە نیزامەکە هەیە، بەپێی قانون دەبێت یەك لەسەر سێی ئەندامان داوا بکەن، نیزامی تیایە، حەقی تۆیە، راستە دەبێت چاك بکرێت، بەلاّم بە قانون نیزامەکە دەخواتن، بەپێی قانون دەبێت (37) ئەندامی پەرلەمان ئیمزا کۆ بکاتەوە، ئینجا جەلسەی ئیستیسنائی حەقیان دەبێت، کاك شێروان کەرەم بکە نوقتەی نیزامیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەگەر بەرنامەی کار بخوێنینەوە دەبینین بەرنامەی کار لە خاڵی یەکەمدا حەصرە بە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای بودجە بۆ ساڵی 2010، بۆیە بە قەناعەتی من داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم کە ماوەی نیقاش نەدات، ئەگەر مەسەلە نیقاش بێت، ئێمەش قسەی خۆمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین تا جەلسەی تر، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

(2)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن، لەکات (10)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (2010/2/22)، بەم شێوەیە دەبێ:

1- خستنە ڕووی ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوەی پەرلەمان، سەبارەت بە زانکۆ ئەهلیە داخراوەکان لە هەرێمی کوردستانی عیراق.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی مووچەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان-عیراق.

3- گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی (2010)ی هەرێمی کوردستان.

بە نیسبەت خاڵی یەکەم (خستنە ڕووی ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوەی پەرلەمان، سەبارەت بە کۆلیژەکانی داخراو لە زانکۆ ئەهلیەکان).

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە كريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکات لێ دەکەم ئەگەر ڕێگەم پێ بدەی نوقتەی نیزامیەکەم بڵێم، دوایی ئەگەر زانیم پاشگەز دەبمەوە لێیی، ئەوە لەبەر چاوی هەموو ئێوەی بەڕێزە، باسی ئەو حاڵەتە بکەم، یەکێك لە کارەساتەکان بەڕاستی لەم دانیشتنەدا کە بەدی دەکرێ، داوا کراوە کە هەموو ئەندام پەرلەمانەکان، ڕێگە پێدان بە ئەندام پەرلەمان بۆ ئەوەی قسە بکات لە ناو پەرلەمان دا.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کاك زانا دانیشە، نوقتەکە نیزامی نەبوو، بەڕێز جەنابی وەزیر، وتارت هەیە، خوێندنەوەیە ؟ یان دەتەوێ بە شەفەهی قسە بکەی؟ دەخوێنیتەوە؟ کەرەمکە، فەرموو بۆ خوێندنەوەی، ئەگەر ڕێگەمان بدەی داوای لێبووردنت لێ دەکەین، با لیژنەی لێکۆڵینەوە بێنە شوێنی جەنابت دابنیشن، ڕاپۆرتەکەیان بخوێنن، پاشان وەڵامیان بدەیتەوە، ئینجا دەیخەینە پێش ئەندامانی بەڕێز، داوا لە لیژنەی لێکۆڵینەوە دەکەین، کەرەمکەن بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەتان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عیراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوە**

بە پێی هەردوو فەرمانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ژمارە (1) لە (2010/2/7)، ژمارە (2) لە (2010/2/19)، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکهێنرا بۆ چارەسەرکردنی کۆلێژە ئەهلیە داخراوەکان و دەستنیشان کردنی هۆیەکانی داخستنی ئەو کۆلێژانە و لایەنی کەم تەرخەم و بەرپرس و، دیاری کردنی چارەنووسی قوتابیانی ئەو زانکۆیانە و زامن کردنی مافی قوتابیە وەرگیراوەکان لەو کۆلێژانە و دڵنیا بوون لە ئاستی زانستی کۆلێژە ئەهلیە داخراوەکان، لیژنەکە لەم بەڕێزانە پێك هاتووە:

1-د. أحمد إبراهيم علي وەرتێ

2-كاك عمر عبدالرحمن

3-كاك عمر نورەدینی

4-ڕۆژان دزەیی

ڕاوێژكارانیش لەو بەرێزانە پێك هاتووە:

1-د. شێرزاد نجار

2-د. دلاوەر محمد صابر

3-د. محمود درویش نادر

لیژنەكە ڕۆژی (2010/2/8) كاتژمێر (11)ی بەیانی، كۆبووەوە لە هۆڵی لیژنەی یاسایی، سەرەتا بەرنامەی كارمان دانا و ڕێككەوتین لەسەر ئەوەی سەردانی مەیدانی ئەو زانكۆ ئەهلیانە بكەین كە كۆلێژەكانیان داخراوە، تا لە نزیكەوە ئاگاداری كێشەكانیان بین، كاتژمێر (12)ی نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لیژنە بە ئامادەبوونی هەموو ئەندامانی سەردانی زانكۆی جیهانی كرد، لەگەڵ سەرۆكی زانكۆ و سەرۆكی ئەمینداریێتی گشتی دانیشتین، باس لە بوونی مامۆستای پسپۆری وانەكانی خوێندن كرا، كە لە ماوەی هەفتەیەكدا دەخوێندرێ، دواتر سەردانی هۆڵی خوێندن و تاقیگە و كتێبخانەمان كرد، سەردانەكە (3) كاتژمێری خایاند، لە ڕۆژی (2010/2/9) لیژنەكە سەردانی زانكۆی شاهانەی بەریتانی كرد، دوای گفتوگۆكردن لەگەڵ جێگری سەرۆكی زانكۆ و ستافی كارگێری و مامۆستایانی زانكۆكە، هەروەها نوێنەری كەس و كاری قوتابیان، یەكە یەكە هۆبە و تاقیگە و هۆڵی خوێندن و كتێبخانەمان بەسەركردەوە، ئەم سەردانەشمان (3) كاتژمێری خایاند، لە ڕۆژی (2010/2/14) لیژنەكەمان كۆبووەوە لە كاتژمێر (11)ی بەیانی، بۆ گفتوگۆكردن لەسەر ڕەوشی زانكۆكان و تێبینیەكانمان لەسەر ئەو زانكۆ ئەهلیانە لە میانەی سەردانمان بۆ زانكۆكان، كاتژمێر (12)ی هەمان ڕۆژ سەردانی زانكۆی هەولێر بۆ زانست و تەكنەلۆجیا كرا، بۆ ماوەی (2) كاتژمێر بەشەكانی زانكۆكەمان بەسەر كردەوە، لەگەڵ جێگری سەرۆكی زانكۆ و ستافی مامۆستایان كۆبووینەوە، ڕۆژی (2010/2/15) لیژنەكەمان كە لە ئەندامانی پەرلەمان پێك هاتبوو، سەردانی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیمان كرد لە كاتژمێر (6:30)ی ئێوارە تا (9)، لە كۆبوونەوەكەدا سەرۆكی زانكۆی دهۆك و سەرۆكی زانكۆی سلێمانی ئامادەبوون، هەروەها بەڕێوەبەری دەزگای سەرپەرشتی و چۆنیەتی خوێندنی ئەهلی لە وەزارەت لە كۆبوونەوەكە ئامادەبوون، دوای گفتوگۆكردنێكی چڕوپڕ لیژنەكەمان سوور بوو لەسەر ئەوەی كە قوتابیەكان لە یەك جودا نەكرێنەوە و چارەسەرێكی یەكگرتوو بۆ هەمووان وەك یەك بكرێت، ئەم ساڵی خوێندن كە دەكاتە (2010/2009) لە قوتابیان نەڕوات بە هیچ شێوەیەك، لە ئەنجامی سەردانەكەمان و گفتوگۆ لەگەڵ ستاف و مامۆستایانی زانكۆكان و وردبوونەوە لە ڕاپۆرتی لیژنەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی كۆلێژە داخراوەكان و وەرگرتنی ڕای ڕاوێژكاران لە بواری یاسایی و زانستی لە ژێر ڕۆشنایی

ڕاپۆرتی ئەم لیژنە بەڕێزە، مەبەست لە ڕاوێژکارانە، لیژنەکەمان بەو شێوەیەی خوارەوە ڕاسپاردەکانی خۆی دەخاتە ڕوو:

**بەڕێز د. أحمد إبراهيم علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: ڕاسپاردە گشتیەکان:

1-بەپێی یاسای خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (10)ی ساڵی 2008، لە هیچ ماددەیەك دا نەهاتووە کە کەسێك یان لایەنەك دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ کە زانکۆیەك یان کۆلێژێك دابخات.

2-پەلەکردن لە پێشکەش کردنی پرۆژە یاسایەك تایبەت بە زانکۆ ئەهلیەکان بۆ پەرلەمان، بە پێی ماددەی (52) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، هەرچەندە کار بە ماددەکانی (40-41-42-43) دەکرێت، هەتا کاتی پەسندکردنی یاسایەکی تایبەت بە زانکۆ ئەهلیەکان.

3-پێویستە وەزارەت، دەزگای سەرپەرشتی و بیمەی چۆنیەتی، (جهاز الإشراف و الضمان النوعي) چالاك بکات، بە پێی برگەی (4) ماددەی (4)، لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (10)ی ساڵی 2008، ئەشێ ئەو جیهازە یەکلاکردنەوەی مەشروعیەتی ڕەفتاری زانکۆ ئەهلیەکان، کۆلێژ و پەیمانگا و بەش و لقەکان دا، هەروەها بۆمان دەرکەوت کە ئەو لیژنەی بۆ هەڵسەنگاندنی بەشە پزیشکیەکانی هەر سێ زانکۆ پێك هێنراوە، بە تەواوەتی بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە.

4-داخستنی کۆلێژە پزیشکیەکان لە زانکۆ ئەهلیەکان دا، بە تایبەت زانکۆی جیهان، دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ کەم و کوڕی کە هەردوولا، واتا وەزارەت و زانکۆ بەرپرسیارن تێی دا، بەڵام بوونی ئەو کەم و کوڕیانە ناگاتە ئەو ڕادەی کە ببێتە هۆی داخستنی کۆلێژێك، هەروەها چارەنووسی قوتابیە وەرگیراوەکان، مافێکی دەستکەوتووە (حق مکتسبە)، بە پێی ڕەزامەندی ڕاگەیەندراوی خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، هەروەك لە ڕێبەری قوتابیان بۆ ساڵی (2008-2009) (2009-2010) هاتووە کە قوتابی بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی بۆ زانکۆ ئەهلیەکان پێشکەش بکات، بە تایبەتی لە بەشی دەرمانسازی زانکۆی جیهان، بۆیە بە فەرمی وەرگیراون.

5-بە هۆی ئەوەی پرۆسەی خوێندنی ئەهلی لە هەرێمی کوردستان، پرۆسەیەکی تازەیە، تا ئێستاش یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی ئەو پرۆسەیە نیە، بۆیە جۆرێك لە بۆشایی یاسایی و ئیداری هاتۆتە ئاراوە، کە ببێتە مایەی سەرهەڵدانی هەڵەی کارگێری (خطأ إداري) لەم شێوەیە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم: ڕاسپاردەکان سەبارەت بە زانکۆی جیهان:

1-بەشی دەرمانسازی لە زانکۆی جیهان بکرێتەوە..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عادەتەن ئەگەر ئەندامێك قسە بكات، دەبێ ئیزن لە بەڕێزت وەرگرێ، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ.......

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئیزنم پێیان دا كە ڕاپۆرتەكەیان بخوێننەوە، بە تەسەلسول دەیخوێننەوە، قسەكانت دروستە و نیزامیە، فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووەم: ڕاسپاردەكانمان سەبارەت بە زانكۆی جیهان:

1-بەشی دەرمانسازی لە زانكۆی جیهان بكرێتەوە، چونكە بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی ڕاوێژكاری، بواری یاسایی و زانستی لیژنەی لێكۆڵینەوەمان، زانكۆی ناوبراو مەرجە زانستیەكانی درێژەدان بە خوێندن بۆ بەشی دەرمانسازی هەیە، هەرچەندە هەندێ كەم و كوڕییان هەیە كە شایەنی پڕكردنەوەن و، دەبێ زانكۆی جیهان زوو چارەسەریان بكات، بەڵام بوونی ئەو كەم و كوڕییانە نابنە هۆی وەستاندنی پرۆسەی خوێندن لە كۆلێژی دەرمانسازی.

2-گەڕاندنەوەی هەموو ئەو قوتابیانەی وەرگیراون لە بەشی دەرمانسازی لە زانكۆی ناوبراو كە لە قۆناغی یەكەم و بەرایی بۆساڵی خوێندنی (2009-2010) دەوامیان كردووە، لەسەر زانكۆش پێویستە قەرەبووی ماوەی لە كیس چوویان بكرێتەوە، تاكو دەرفەتی خوێندنی ئەو ساڵەیان لە دەست نەچێت و، بە بێ وەرگرتنی خەرجی زیاتر لە قوتابیان.

3-هەمواركردنی پەیڕەوی ناوخۆی زانكۆی جیهان بە شێوەیەك تەواو كۆك بێت لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، تا ئەو كاتەی یاسای تایبەت بە زانكۆ ئەهلیەكان دەردەچێت.

4-دانانی پلانێكی تۆكمە لە لایەن زانكۆی جیهان، سەبارەت بە وەرگرتنی قوتابیان بۆ ساڵی خوێندن (2010-2011)، كە پێش وەختە لە لایەن وەزارەتەوە پەسند بكرێت.

5-پێدانی ناونیشانی زانستی بۆ مامۆستایانی ئەو زانكۆیە لە لایەن لیژنەیەكی پسپۆڕ كە نوێنەری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی تیادا ئەندام بێت.

6-ئیستیسنا كردنی مامۆستایانی زانكۆی حكومی بۆ وانە وتنەوە لە بەشی دەرمانسازی زانكۆی جیهان و، لە زانكۆ ئەهلیەكان بە گوێرەی پێویست.

سوپاس.

**بەڕێزعمر حمد أمین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سێیەم: ڕاسپاردەکانمان دەربارەی زانکۆی شاهانەی بەریتانی:**

**بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی ڕاوێژکارانی بواری یاسایی و زانستی لیژنەکەمان، لە ئەنجامی سەردانی لیژنەکەمان بۆ ئەم زانکۆیە، بۆمان دەرکەوت کەوا:**

**1-هەردوو بەشی دەرمانسازی و پزیشکی ددان لە زانکۆی شاهانەی بەریتانی ئامادە نیە بۆ خوێندن بۆ ساڵی خوێندنی (2009-2010).**

**2-لە حاڵەتێك دا ئەگەر پێداویستیەکانی تەواوکرد و لیژنەیەك لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە دواداچوونی کرد بۆ ئەو بەشانە و ڕەزامەندی نیشان دا لەسەر ئەوەی کەم و کورپییەکانی پڕکردۆتەوە، ئەوا بۆ ساڵی خوێندنی (2010-2011) دەوامی ئەو دوو بەشە دەست پێ بکات، بە مەرجێ مافی قوتابیانی وەرگیرا و بۆ ساڵی خوێندنی (2009-2010) پارێزراو بێت.**

**چوارەم: ڕاسپاردەکانمان دەربارەی زانکۆی هەولێر بۆ زانست و تەکنەلۆجیا:**

**1-کۆلێژەکانی پزیشکی ددان و دەرمانسازی لە زانکۆی ناوبراو، ئامادەنین بۆ خوێندن بۆ ساڵی خوێندنی (2009-2010).**

**2-کاتێك کە زانکۆی ناوبراو پێداویستیە زانستیەکانی خوێندنی دابین کرد، لیژنەیەك لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دوای بە دواداچوونی پێویست ڕازی بوو لەسەر ئەوەی زانکۆی ناوبراو کەم و کورتیەکانی پڕکردۆتەوە، ئەوا دەکرێت بۆ ساڵی خوێندنی (2010-2011) دەست بە خوێندن بکات.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە ناوی ئەندامەکان بخوێنن کە ئیمزایان کردووە لەسەر ڕاپۆرتەکە، لەگەڵ خەبیرەکانیش.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر أحمد (دزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**1-د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی.**

**2-د. أحمد إبراهیم وەرتێ.**

**3-عمر عبدالرحمن علي.**

**4-عمر نورەدینی.**

**ئەندامانی لیژنە لە دەرەوەی پەرلەمان:**

**1-د. شێرزاد نجار.**

**2-د. دلاوەر محمد صابر.**

**3-د. محمود درویش نادر.**

ئەوانـە ڕاوێـژكارن كـە لیژنـە ئیسـتیعانەی پـێ كردینـە، لـەو بـوارەی كـە پسـپۆرن تێـی دا، ڕا و شـارەزاییان وەربگـیرێ و سـوودی لـێ وەربگـیرێ لـە ئامـادە كردنـی ڕاپۆرتەكـە، زۆر سـوپاس ئـەوە ڕاسـپاردەی لیژنــەی لێكۆڵینەوەیە لەبەر دەست بەڕێزتان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە بۆ جێگای خۆتان، ئێستا جەنابی وەزیر كەرەمكە، هۆی داخستنی زانكۆكان بۆمان بخەڕوو، بەس هـۆی داخسـتنی زانكۆكـان تكایـە، جـەنابتان لیژنـەی لێكۆڵینـەوە بـۆ جێگـای خۆتـان بفـەرموون، جـەنابی وەزیـر فەرموو بۆ پێشكەش كردنی ڕاپۆرتەكە.

**بەڕێز د. دلاوەر علاءالدین/ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

سوپاستان دەكـەین، بـەیانیتان بـاش، بـەڕێزان سـەرۆك و جێگـری سـەرۆكی پەرلـەمان، بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمانی كوردستان، من سوپاستان دەكەم بۆ ئـەو حرصـەی نیشانتان داوە بـۆ چارەسـەركردنی كێشـەكان، سوپاستان دەكەم بۆ ڕەخساندنی ئەو دەرفەتـە بـۆ دەرخسـتنی ڕاسـتیەكان، دوای وەرگـرتنی ڕاپـۆرتی لیژنـە پەرلەمانیەكەتان، ئێمە لە ئەنجومـەنی وەزارەتـی خوێنـدنی باڵا و توێژینـەوەی زانسـتی كۆبوونەوەیـەكمان ئەنجام دا، ئەو ڕاپۆرتە وەڵامیەی كە لەبەر دەستتان دایە لێی پەیـدابووە، ئێمـە لـە ئەنجومـەن ڕاپۆرتەكـەی لیژنەی پەرلەمانی بە ڕاپۆرتێكی لایەنگیر و نا زانسـتی و پـڕ لـە كـەم و كـورتی دادەنـێین، ڕاپۆرتەكـە داوای شكاندنی ڕێنماییەكانمان لێ دەكـات، هـەوڵ دەدات گرفتێـك بـە كارەسـاتێك چارەسـەر بكـات، بۆیـە ئێمـە لـە ئەنجومەندا ڕاپۆرتی لیژنەكەتانمان لا مەرفوزە.......

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئێمە داوامان لـە جـەنابتان كـرد، لـە ڕاپـۆرتی خۆتـان هـۆی داخسـتنی زانكۆكانمـان بـۆ ڕوون بكەنەوە، نەك موناقەشەی ڕاپۆرتی لیژنەی لێكۆڵینەوە بكەی، تكایە، هۆی داخستنی كۆلێژەكانمان بـۆ ڕوون بكەنــەوە، پاشـان دەیخەینـە بەردەسـت ئەنـدامانی پەرلـەمان، هـیچ موناقەشـە و گفتوگۆیـەكی لەسـەر نیـە، رجائەن، كەرەمكە.

**بەڕێز د. دلاوەر علاءالدین/ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

ڕاپۆرتێكیان بۆ ئێمە نووسیوە، پڕی كەم و كوڕییە، كەوا بەرەو ڕووی........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بـەڕێزی عـەزیز، ڕاپۆرتیـان بـۆ ئێـوە نەنووسـیوە، ڕاپـۆرت بـۆ پەرلەمانـە، ڕاپۆرارتەكـەمان بـە ئێـوە دا بـۆ ئیتیلاع كردن لەسەری، داوا لە ئێوەی بەڕێز دەكەین هۆی داخستنی زانكۆكان چی بوو؟ كۆلێژەكان لە زانكۆ ئەهلیەكان هۆیەكانی بۆ ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانـە ڕوون بكەنـەوە، بـەو هۆیانـەی كـە جـەنابتان باوەڕتـان پێیە، بۆ ئەوەی قەرارێكی صەحیح بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. دلاوەر علاءالدین/ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

ئێمە ئەگەر چی ئەوەش بە ئیجحاف دادەنێین، لەبەر ئەوەی مافی بەرگری کردن لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەتمان هەیە، بۆ بەرژەوەندی گشتی پێویستمان بەوە هەیە، کە بەڕێزان پێش ئەوەی دەنگ بدەن، ڕاستیەکانیان لا ڕوون بێ، بەڵام بە تەوجیهی جەنابت، دیارە کە حەز دەکەی تەنها بابەتێکی دیاری کراو باس بکەین، ئێمە ئامادین، لە کاتی ڕەچاو کردنی کردنەوە یان داخستنی ئەو بەش و کۆلێژانەی زانکۆ ئەهلیەکان، تەبعەن جەنابت پرسیارت کرد، ئایا قسە دەکەی یان دەخوێنیەوە؟ وتم دەخوێنمەوە، بەڵام ئێستا تەحدید پرسیارەکەت وا دەکات، کە من بە ئیرتیجالی لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەم دەربهێنم، بەڵام ئامادەم کە ئاماژە بە بڕگەکانی بکەم، بە لاشمەوە گرنگە بزانن کە پێشنیارەکان و ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتەکە لە ئەساس دا جێگەی دەنگدان نیە و، لە ئەساس دا ڕێگەی ڕەچاو کردن نیە، بەڵام لە کاتی ڕەچاو کردنی بەردەوامی پێدان، یان ڕاگرتنی دەوام، یان داخستنی کۆلێژ لە جێگایەك یان بەشێك، ئێمە دوو شت لە لامان زۆر موهیمە، تاوەکو بەرژەوەندی قوتابیەکان و بەرژەوەندی هەرێم نەکەوێتە مەترسیەوە:

1-پێویستە ئەو کۆلێژ و بەشانە پێداویستی مامۆستا و ئامێر و کەل و پەل و مەکتەبە و ژێرخان و سەرخانیان تەواو بێ، کاتێك دڵنیا بووین کە ئەوان بەڵێنەکانیان دابین دەکەن، ڕێگەی کردنەوەیان پێ دەدەین، بەڵام لە کاتی کردنەوە، لە دوای کردنەوە، گرنگە کە دڵنیا بین کە فیعلەن ئەو وەعدەیان پێ دا لە کاتی ڕوخسەت بەخشین و مۆلەت بەخشین دابینیان کردووە، ڕێگەیان پێ دەدەین بەردەوام بن، ئەرکی حکومەتە و ئەرکی وەزارەتە کەوا چاودێری (رقابە) دابنێ، بۆ ئەوەی بزانێ، ئایا ئەوەی کە بەڵێن دراوە لە کاتی داواکردنی مۆڵەتی کردنەوە جێ بەجێ کراوە یان نا؟ ئایا ئاستی دڵنیایی جۆری، ئاستی کوالێتی زامن کراوە یان نا؟ ئایا لەو بەینە کەم تەرخەمی هەیە لە بۆ ئەوەی کەوا لەسەر حیسابی کوالێتی دەوام دەست پێ بکات یان نا؟ لەو حاڵەتەدا ئەگەر هاتو وەزارەت، حکومەت، چاودێرەکانیان دڵنیا نەبوون کە پێداویستیەکان تێر و تەسەلن و، دڵنیا بوون کە کەم و کورتی هەیە، دەبێت حکومەت بێتە ناو مەوزووعەکەوە بڵێ: ئێمە دەبێ دەوام ڕابگرین، یان کۆلێژەکە جارێ هەڵپەسێنین، هەتا ئەو کاتی پێداویستی تەواو دەبێ.

2-ئەو خاڵە کە لەوە زۆر گرنگترە، واجبی ئێمەیە ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتی لە بۆ درێژ خایەن بکەین، واتا ئەو کۆلێژەی کە ئەمڕۆ دەڵێ: پێداویستیم تەواو کردووە، کە نەشی کردووە، ئێمە پرسیاری لەوە گرنگتر دەکەین، ئایا متمانەمان دەبێ؟ دەتوانن متمانە پەیدا بکەن؟ یان ئێمە پێیان ببەخشین؟ کە لە ئایندەدا، لە ساڵێکی تردا، دوو ساڵی تردا، سێ ساڵی تردا، پێداویستیەکانیان هەر بە پڕی دەمێنێتەوە و، کەم و کورتی تێدا نابێ، کەم تەرخەمی تێدا نابێ، لە ساڵانی ئایندەدا، لە دوای مەرحەلەی دوو، سێ، چوار، قوتابیانی کۆلێژی دەرمانسازی پێوێستیان بە دیتنی نەخۆش هەیە، پێویستیان بە سەردانی نەخۆش و سەرپەرشتی کردن هەیە، لە بواری کلینیك، لە بواری سەریری، ئەوە پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی تایبەت هەیە، ئایا دڵنیامان دەکەنەوە کە تاوەکو قوتابیان دەگەن بە صەفی دوو، سێ، چوار، نەخۆشخانەیەکی تێر و تەسەل، بە هەموو پێداویستیەکانیانەوە لەبەر دەستی قوتابیەکان مەوجود بێ، ئەو متمانەیە پەیدا نەبوو، کۆلێژی جیهان بۆ نموونە، لە یەکەم ڕۆژەوە جسری متمانەی لەگەڵ ئێمە پەیدا نەکرد و دروست نەکرد،

لەبەرچی؟ لە ڕۆژی یەکەمەوە، کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە مۆڵەتیان پێدرا کەوا (65) قوتابی وەربگرن بە فەرمانی وەزاری، دوایی خۆیان کردیان بە (70)، بەهەر سەبەبێك بوو کردیان بە (70)، لە وەزارەتی ئێمەوە لە مانگی (11) ساڵی (2008)دا، پێیان گوترا: ئێوە ئامادەنین کەوا ئەو (65) قوتابیە وەربگرن و خوێندن بەردەوام بکەن، بۆیە فەرمانێکی وەزاری دەرچوو، گوتیان: دەبێ خوێندن ڕابگیرێ، ئەو قوتابیانەی کە وەرگیراون لە پۆلی یەکەم دەبێ بکرێن بە بەرایی، واتا لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە، لە ساڵی (2008) پێیان گوتراوە: خوێندنەکەتان دەبێ بکرێتە بەرایی، بەرایی بودعەیەکە، بەڵام دەبێ دروست بکرێ، هەتا وەکو ئەو قوتابیانە ڕزگار بکرێن، نەهێڵن ببێتە صەف یەك، چونکە کۆلێژەکە ئامادە نیە، وەختێ کە ساڵێك موهڵەتیان پێ درا، لەولا تەڵەبە بە بەرایی دانراوە، لەولاش مۆڵەتیان پێدراوە، ئایا لە خیلالی ئەو ساڵە هەموو پێداویستیەکانی مامۆستا و ئامێر و ژێرخان و سەرخان تەرخان دەکەن یان نا؟ لە دوای یەك ساڵ دا، لە مانگی (11)ی ئەو ساڵ دا دووبارە ئێمە هاتینەوە سەر ئەوەی: ئایا پێداویستیەکانتان پڕکردۆتەوە یان نا؟ داوامان لێ کردن، لەبەر ئەوەی دڵنیایی نیە، نوێنەرانمان دەڵێن دڵنیایی نیە، داوامان لێ کرد دەوام ڕابگرن، تا لیژنەمان دەچێ، لیژنەکەمان بە پوختەی ئەو ڕاپۆرتی کە دێ، بڕیارمان دا، بڵێت ئامادەن، دەست پێ دەکەن، ئەوان ئەگەر بڕیاریشیان دا نابێ دەست پێ بکەن، لە ڕووی یاساوە دەبێ گوێمان لێ بگرن، بەڵام هەرچی زانکۆی جیهان بوو، چاوەڕێی نەکرد کە ڕاپۆرتی لیژنەکەمان پەیدا ببێ و بێتە بەردەممان و بڕیار بدەین، بەڵکو دەوامی دەست پێ کرد و بەردەوامی کرد، خۆشیان دەفتەری غیاباتیان پڕکردەوە و بۆ ئێمەیان ناردووە، واتا حکومەت و ڕێنمایی و فەرمانی ئەو حکومەتە و ئەو یاسایانەی ئیهمال کرد، سەربار و بنباری ئەوەش، تەڵەبە کە پێشکەشکار بووە، بۆ ئیمساڵ، کە بێت بخوێنێ، (130) کەس تەقدیمی کردووە، دەبوایە زانکۆی جیهان چاوەڕێ بکات کە ناوەکان بێتە وەزارەت، لە وەزارەتەوە بە گوێرەی کۆنمرە، بە گوێرەی پلان، بڕیار بدرێ چەند تەڵەبەی تر وەربگیرێ، لە ساڵی ئیمساڵ دا، چونکە بەراییەکان دەبوون بە صەف یەك، مەعنای صفر وەردەگیرا، نەدەبایە کەس وەربگیرێ، کەچی ئەوان (110) تەڵەبەی تریان وەرگرت، بە مەجموع بوونە (180) تەڵەبە بۆ صەف یەك، لە هەر سێ کۆلێژی دەرمانسازی، لە سێ زانکۆی حکومەتی کوردستان بەو هەموو ئیمکانیاتی حکومەتەوە (130) تەڵەبەمان هەیە بە کۆ، کەچی ئەوان هێشتا پێداویستی مامۆستایان تەواو نیە، هێشتا ئێمە فەرمانمان پێ نەداون کە بەردەوام بن لە خوێندن، (180) تەڵەبەیان وەرگرت، ئایا متمانە دروست دەبێ لە بەینی ئێمە و ئەوان، کە بڵێین: باشە ئیمڕۆ (180) تەڵەبە وەردەگری کە تۆ توانای بەخێوکردنی (65) تەڵەبەت نیە، چ جای ئەوەی ساڵێکی تر و ساڵی دواتر لێمان بقەومێ، ئایا ئەزمەی ساڵی داهاتوو چۆن حەل بکەین؟ دوایی کە قوتابیانت پێویستیان بە نەخۆشخانە هەبوو، دوایی تۆ داوای کێ دەکەی کە پەروەردەیان بکات و تەدریبی سەریری، ئیکلینیکیتان بۆ بکات؟ خۆ مەجبوور دەبی داوا لە حکومەت بکەی، کە ئەوەش یاسا ڕێگەی پێ نادا، یاسا شکاندنیان لە چەندین لاوە بوو، یاسا شکاندن و پشتگوێخستنی فەرمانی حکومەت و هەیبەتی حکومەت و یاسا و ڕێنماییەکانی ئەو وڵاتە، ئەو شتەی دروست کردووە کە متمانە نەبێ لە نێوان

وەبەرهێنەرێك و حكومەتێك، وەختێ كە دەڵێی: ئەوە یاسایە خۆت باشی دەزانی بۆ دەیكەی؟ جا لێرەدا هەم پێداویستیان كەم و كوڕی تێدا بوو بە گوێرەی بڕیار و هەڵسەنگاندنی لیژنەی پسپۆری ئێمە كە (13) كەسە، كە لەهەر سێ زانكۆی حكومی لە كوردستان، لە دهۆك و سلێمانی و لە هەولێرەوە، نوێنەری تێدا بووە لە بوار و پسپۆڕیەكانی خودی دەرمانسازی دا، لەسەر ئەوانیشەوە دوو كەسی نوێنەری مێوانمان لە موصلەوە هێناوە، كە ئەوانیش پسپۆڕن لە بواری دەرمانسازی، (13) كەس بڕیاری داوە ئەو كۆلێژە ئامادە نیە، ئەو بەشە ئامادە نیە بۆ ئەوەی (65) تەڵەبەی ئەو ساڵ وەربگرێ، (180) یشی وەرگرتووە، واتا دوو خاڵی سەرەكی:

1-كەم و كوڕی پێداویستی كە پڕ نەبۆتەوە.

2-متمانە دروست نەبوو ئەمڕۆ.

3-سبەینێ لێمان دەقەومێتەوە، كە لێمان قەوما، چی دەقەومێ؟

یەكەم: چارەنووسی (180) تەڵەبەی ئەو ساڵ و سەدانی ئایندە، كە دێن لە كۆلیژێك تەخەروج دەكەن بەو كەم و كورتیەوە، ئێمە ئیعتیرافیان پێ ناكەین، ئیعتیراف بە شەهادەیان ناكەین، بەدبەخت بوون، ئەوا موستەقبەلیان فەوتا، ئەو دایك و باوكەی كە بە هەزاران دۆلاری ئیستیسمار كردووە لە پەروەردەی ئەو منداڵانە، پەروەردەی ئەو جاحێڵانە، كەوا بە ئومێدە ئەولادەكەی صەدریەیەكی سپی لەبەر بكات، بچێتە ئەو خەستەخانەیە، نەخۆشی ئەو هەرێمە عیلاج بكات، چارەنووسی خوشك و برا و دایك و باوكی ئێمەی بكەوێتە بەردەستیان، كاتێك لە ناكاو حكومەت بڵێت كە ئەمانە ئیعتیرافیان پێ ناكرێ ئەگەر هاتوو فەرزیش كرا لەسەرمان، ئەوانە دەوام بكەن لە ناو حكومەت و لە ناو نەخۆشخانەكان، تەعین ببن، نەخۆش عیلاج بكەن، ژیانی خەڵك دەكەوتە مەترسیەوە، ئێمە دیتمان بەرژەوەندی گشتی ئەو هەرێمە دەكەوێتە ژێر مەترسیەوە، بۆ خاتری زەغتێكی بەرژوەندی تایبەت كە ئەمڕۆ زەغتمان لێ دەكات كۆلێژەكان بكەینەوە، ئێمە ڕچاوی ئەو فاكتەرە زۆر گرنگە دەكەین، لە كاتی هەڵسەنگاندنی هەموو كۆلێژێك، تەنانەت كۆلێژە حكومیەكانیش، ئێمە لیژنەمان داناوە بۆ هەڵسەنگاندنی تەواوی كۆلێژ و بەشەكانی ناو زانكۆ حكومیەكان و زانكۆ ئەهلیەكان، لەوەش گرنگتر دەبێ ڕەچاوی بكەین، ئێمە لە بەرنامەمان دایە كەوا زانكۆكانمان سەربەخۆ بكەین، گۆڕانكاری بنەڕەتی بكەین لە سیستەمی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ناو هەرێمدا، ڕۆژێك لە رۆژان دێ كە بۆ حكومەت فەرقی نابێ، ئایا تۆ زانكۆكەت حكومیە یان ئەهلیە؟ پارەكە لە كوێ دەهێنی؟ خەم نیە، بەڵام لە ڕووی كواڵتیەوە دەبێ هەموو بەرز بێ، هەمان ئیجرائات دەكەین بەرامبەر هەر كۆلێژێك كەم تەرخەم بوو، یان دڵنیایی نەبەخشی، ئێمە چۆن سەیری زانكۆ ئەهلیەكان دەكەین؟ چۆن سەیری وەبەرهێنان دەكەین؟ ئێمە ئیستیسماری خوێندنی باڵا لەو هەرێمە بە گرنگترین ئیستیسمار دەزانین، تەنانەت بە گرنگتر دەیزانین لە ئیستیسماری ژێرخان و نەوت، ئەوە ئیستیسمارە لە مێشك و پەروەردەكردنی زیرەكانمان، هێنانی موستەسمیر لە دەرەوە، بە خۆی و بە پارەیەوە و بە ئەزموونیەوە، بە عیلمیەوە، بە پەیوەندیە ئینتەرناشناڵیەكانیەوە، دەیهێنیت بۆ وڵاتێك بۆ

ئـەوەی کـەوا نموونەیـەکی ئینتەرناشـنالّی لـە ولاّتـەت بـۆ دروسـت بکـات، بەشـدار بـێ لـە دروسـت کردنـی کۆڵەگـەکانی ئـەو ولاّتـە، لـە (Nation Building)، لـە دروسـتکردنی ولاّتـت بەشـدارە، بۆیـە ئێمـە دەبـێ کاریان بۆ ئاسان بکەین، پێداویستیان پڕکەینەوە، هاوکاریان بین، لـە نزیکـەوە یارمـەتیان بـدەین، بـەڵام بـە مەعاییری دوەلی، ئەزموونی دەرەوەمان بۆ بێنن، عیلمی دەرەوەمان بۆ بێنن، بمانبەستێتەوە لەگەڵ دونیـای دەرەوە، بەشدار بن لە دروست کردنی ولاّت بـە باشـترین شـێوە، نـەك یـەکێك بڵـێ: گـرفتی زانکۆکـەی مـن و گرفتی کۆلێژو بەشەکەی من، هەمان گرفتی کۆلێژ و بەشەکەی تۆیە کە لە زانکۆ حکومیت، کەواتـە چـیمان کرد، ئێمە گرفتمان زیاد کرد، ئێمە بەش و کۆلیژی پڕ کەم و کوڕیمان زیاد کرد، ئێمە بـۆ خۆمـان کەممانـە کۆلێـژی پـڕ کـەم و کـوڕی، جـا بۆیـە بـەلای ئێمـەوە گـرنگترین ڕۆڵـی حکومـەت ئەوەیـە، کـەوا هاوکـاری موستەسمیرەکان و وەبەرهێنەرەکانی دەرەکی بـێ، بـۆ ئـەوەی زانکـۆی ئـەهلیمان لێـرە بـۆ بکەنـەوە، چـونکە حکومەتی ئێمە، ولاّتی ئێمە، توانستی ئێمە بایی ئەوەندە نیە خۆمان هەموو ئەو تەڵەبە زۆرانـە ئیسـتیعاب بکەین و، ڕاهێنان و پەروەردەیان مسۆگەر بکەین و، وەکو کادیر بیانخەینە ناو بازاڕی کارەوە، بۆمان ناکرێ، بۆیە پێویستیمان بە وەبەرهێنەر و بە بیزنسی دەرەوەیە، پیویستیمان بەو زانکۆ ئەهلیانەیـە، بـەڵام زانکـۆ ئەهلی کە دێ، دەبێ زانکۆ بێ، مەفاهیمی زانکۆی هەبێ، پێوەری زانکۆی هەبێ، لە هەمان کاتدا پابەنـد بـێ بـە یاسـا و بـە ڕێنماییـەکانی ئـەو حکومەتـە، ئـەو حکومەتـە خـاوەنی ئـەو سـیادەیە کـە ئەگـەر بێـت و فەرمانەکانی پشتگوێ خرا، ئەویاسایەی ئێوە دایدەڕێژن بەرێزان، ئەو تەشریعەی ئێوە دەیکەن، بـۆ ئەوەیـە خەڵکی دەرەوەی ئەو بازاڕە پابەندی بێ، دەنا فەوزا دروست دەبـێ، لێـرەدا لـە نـاو ئـەو ڕاپۆرتـەی ئێـوە دا، داوامان لێ........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، جەنابی وەزیر هیچ ئیشارەتێ بە ڕاپۆرتەکەی ئـەوان نەکـەی، چـونکە موناقەشـە بکـرێ، ئـەبێ هـەر (111) ئەندامی پەرلەمان بە دوور و درێژی موناقەشەی هەموو قسەکانی جەنابت و ئەوانیش بکەن، ئێمە داوا لە بەڕێزت دەکەین، هۆی داخستنی زانکۆکان بۆ پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ڕوون بکەن و خەڵاص، تکایە.

**بەڕێز د. دلاوەر علاءالدین/ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

بەسەرچاو، وەختێك ئێمە کە مەجبوور بین زانکۆیەکی پڕ کەم و کوڕی، گوتمان هاوکاریان دەبین بۆ ئەوەی پێداویستیەکانیان پڕ بکەینەوە، بەڵام وەختێك ئەوان و خەڵکی تریش و هی دەرەوە و صـەحافەش داوامـان لێ بکەن بڵێن ئیستیسنایان بۆ بکەن، بـۆ ئـەوەی لـە زانکـۆی حکومیـەوە هاوکاریـان بـن و یارمـەتیان بـدەن، ئەوە دەرگایەکی ترسناکە دەکرێتەوە، چونکە زانکۆ حکومیەکان بە نەواقصی کـە هەیانـە تـەفریغی عقـولی تێدا دەبێ، مێشك بەتاڵ کردنی تێدا دەبێ، وای لێ دێ، کەوا کۆلێـژەکانی خۆمـان حاجـەتیان لـەوەش زیـاتر دەبێ، لێشاوی هیجرەتی مامۆستا لە ناو زانکۆ حکومیەکان بۆ زانکۆ ئەهلیەکان، جـارێکی تـر ڕاوەسـتانی بـۆ نابێ، ئێمە ئافەتمان لێ دەقەومێ، جا بۆیـە لادان لـە یاسـا لـە لایـەن زانکـۆ حکومیەکانـەوە ئەساسـێك بـوو، یەکێك لە زانکۆکان، بەڵێ مامۆستای هێناوە لە زانکۆی حکومی بە ناوێکی تر و بە صیفەتێکی تـر تـەعینی

کردۆتەوە، تەنانەت لیژنەکانمان، بە تایبەتی خۆشبەختانە کە مامۆستای زائیری موصلی تێدا بوو، سەیریان کرد یەکێك لەو مامۆستایانەی لێرە ناونووس کراوە بۆ ئەوەی کە میلاکە، نەخێر ئەوە لەسەر حیسابی دەوام دەکات و مەعاش خۆرە لەوێ، بە مێوان هاتۆتە ئێرە، جا لێرەدا ئێمە ڕێگەی ئیستیسنا بکەینەوە، ئەوە کە قانون پێشێل بکرێ، یەکێك لە بەدبەختیە هەرە سەرەکیەکانی ئێمە ئەوەیە کە ئیستیسنائاتمان زیاترە لە پابەندبوون بە قانون، ئێستا داوای ئیستیسنائێکی تر بکەینەوە، لێشاوی گرفتمان ڕاوەستانی بۆ نیە لە ئایندەشدا، تەنانەت یەك مامۆستا لەو زانکۆیەی خۆمان ڕەنگە ئامادە نەبێت بمینێت، ئەگەر فورصەتی بازاڕی کاری بۆ بکرێتەوە بۆ دەوڵەمەندبوون، جا ئێستا ئێمە قوتابیەکانی کەوا لەو زانکۆیانەن، ئەرکی ئێمەیە کە کێشەیان عیلاج بکەین، ئەوەی کە ئەو ساڵ چوو بۆ ئیشق، ئەوەی ساڵی داهاتوو لە زانکۆ حکومیەکان لە کۆلێژە دەرمانسازیەکان وەریان دەگرینەوە، لە ساڵی ئەکادیمی ئایندە هەرچی تەڵەبەی ماوە، نەچووە بۆ زانکۆی ئیشق، حەز دەکات بچێتە دەرمانسازی، لە پایزی ئەمساڵەوە صەفی یەك دەبێ لە کۆلێژەکانی حکومی، لە ژمارەی ئەو (70) کەسە، جا بۆیە گرفتی تەڵەبەکان با جیا بکەینەوە لەگەڵ کێشەی داخستنی ئەو کۆلێژانە، داخستنەکانیان قوربان بە پوختیەکەی، ئەو دوو سەبەبەیە:

1-ئێستا و ئێستاش پێداویستیەکان کە ئێوە دەڵێن هەندێکە، ئێمە پێوەرمان هەیە کە چەندە، پڕکردنەوەیان ئاسان نیە، لەبەر ئەوەی نەك تەنها ئەوان نیەتیان نیە، نیەتیشیان هەبێ، بەڵێنیشمان پێ بدەن، ئێمە سەیری بازاڕمان کردووە، زانکۆکانی خۆمان ویستوویانە مامۆستا بێنن لە شەرقی ئەوسەت، لە دونیا، تەنانەت حکومەت ئیستیسنای بۆ کردووە، گوتبووی (5000) دۆلار زیاتریش سەرف بکەن بۆ هێنانی مامۆستایان بۆ کۆلێژی صەیدەلە، چونکە کۆلێژەکانی تر گرفتمان نیە، بە دەستمان دەکەوێ بە ئاسانی، بەڵام بۆ صەیدەلە زەحمەت بوو، تەنانەت ئیغرائی (5000) دۆلاریش کیفایەت نەبوو بۆ یەك مامۆستا بێتە زانکۆی حکومی، باشە زانکۆیەکی ئەهلی بەڵێنت پێ بدات، بڵێم نەقصی من بۆ (65) تەڵەبە (10) مامۆستایە، کە بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئێمە، ئەو (10) مامۆستایە چۆن دێنێ؟ کە ئێمە یەك مامۆستامان بە (5000) دۆلار بۆ نایێ، بیزنسی ئەوان تەحەمولی ئەوە ناکا بچن نەك (5000)، (50000) دۆلار مانگانە بدەن بە مامۆستا، بۆ پڕکردنەوەی حاجەتیان، بۆیە ئێمە حەتا ئەگەر بەڵێنی ئەوانیشمان دەستکەوێ، دڵنیا نین، چونکە دەزانین بازاڕ چی تێدایە، بازاڕی کاری دەرمانسازی ڕێگەی ئەوە نادا کە تۆ (10) مامۆستا بۆ ئیمساڵ، (30)، (40) مامۆستاش بۆ ساڵانی ئایندە بۆ تەڵەبەی صەفی (4،3،2) بێنی، پسپۆری گەورەتریش لە ساڵانی ئەخیر پەیدا بکەی بۆ ئەوەی زامنی بکەی سبەینێ، بۆیە متمانە نەك تەنها دروست نەبووە لەبەر ئەوەی ئەوان یاسایان شکاندووە، ئەوە لە لایەك، متمانە دروست نابێ لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین بازاڕیش تێیدا نیە، یاسا بوایە، ددان بوایە، هەتا پزیشکی عام بوایە، دەمانووت ڕێگەی دەچێ، بەڵام دەرمانسازی، شحە هەیە، نەقص هەیە، بازاڕ تێیدا نیە، پێت نایێتە ئێرە، جا بۆیە داخستنەکان یەك: پێویستیان زۆر زۆر مولیحتر، زۆر بنەڕەتی تر، زۆر قوڵترە لەوەی کە ئەوان ئیدیعا دەکەن، یان لە لیژنەدا ئیدیعا کراوە، دووەم: پێداویستیان لە ئایندەدا زۆر زیاتر دەبێ، سێیەم:

متمانە ئـەوڕۆ دروسـت نـەبوو لەبـەر ئـەوەی یاسـایان شـکاندووە، فـەرمانی حکومـەتیان پشت گـوێ خسـت، حکومەتیان ئیهمال کرد، سێ: لە موستەقبەل دا هیچ متمانەیەك نابێ کە بە هـەمان عەقلیـەت، بـە هـەمان شێوە حکومەت و یاسا و، تەنانەت بڕیاری ئەو پەرلەمانە ئیهمال نـاکرێ، بۆیـە ئێمـە بڕیارەکـانی داخسـتنی ئەو کۆلێژانە، جەوابەن بۆ پرسیاری جەنابت ئەوە بووە، ئەو هۆیانە بووە، لە ئاینـدەدا هێشـتا ئـەو هۆیانـە دەمێنێ، ئێمەش لە ڕووی ترەوە هاوکاری هەموو ئەو زانکۆیانـە دەبـین، تەنانـەت زانکـۆی جیهـان مـن خـۆم بـانگم کـردوون، گوتیتمـان ئـەو مەوزووعـە جـارێ تـەئجیل بـبێ بـۆ چـەندین سـاڵ، هـەتا ئێـوە ژێرخـان و موستەشفا و شتتان حازر دەبێ، ئەو وەختە بـاس لـە کردنـەوەی کۆلێـژی دەرمانسـازی بکەینـەوە، بـەڵام لـە ڕووی ترەوە، کۆلێژی ترتان هەیە، خزمەتی تر بەو وڵاتە دەکەن، خزمەتی تـر بـە کـادیران و لاوان دەکـەن، ئێمە هاوکارتان دەبین، واتان لێ دەکەین کـەوا بیزنسـەکەتان سـەرکەوتووبێ، قـازانجی تێـدا بـێ، هـەتا ئێـوە دانەخرێن، چونکە هەر بیزنسێك لەسەر زەرەر بڕوا، ڕۆژێك مەجبوور دەبن وڵاتەکە بـەجێ دەهـێڵن، ئێمـە دەڵێین هاوکارتان دەبین، قازانجیش بکـەن بـە کواڵتییـەوە، خزمـەت بکـەن، خزمەتەکـەیان لـێ دەکـڕین، لـە دەیان ڕووەوە تۆڵەی ئەو شتانەتان بۆ دەکەینـەوە، کـە خۆتـان تێیـدا بـە زەرەرمەنـد دەزانـن، بـەڵام ڕێگـەی ئەوە نادەین کەوا ئەو جسری متمانەیە لەگەڵ زانکۆ ئەهلیـەکان بپچڕێ، لەبەرچـی؟ چـونکە یـەك زانکـۆی ئەهلی متمانەی نێوان حکومەت و بیزنس تێك بدات هەموو زانکۆیەکانی تر زەرەرمەنـد دەبـن، ئـەو زانکـۆ ئەهلیانـەی تـر ئێسـتا چـاوەڕوانن، موراقەبـەی وەزع دەکـەن، بـزانن ئایـا ئـەو جسـری متمانەیـە دروسـت دەبێتەوە یان دروست نابێتەوە؟ ئێمە نیەتمان نیە ئیستیهداف زانکۆی ئەهلی بکەین، ئێمە هاوکاریان دەبین، گەشەیان پێ دەدەین، هاوکاریان دەبین وڵاتمان بـۆ دروسـت بکـەن، بـەڵام مساوەمە لەسـەر کـواڵتی ناکـەین و ئەوەش تەنها هۆی داخستنی ئەو کۆلێژ و بەشانەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس جەنابی وەزیر، کەرەمکە بۆ جێگای خۆت، تکایە، ئەندامانی پەرلەمانی کوردسـتانی سـەر بـەرز و بەڕێز، ئێستا گوێتان لە ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوەی ئەندامانی پەرلەمان بوو کە خوێندیانەوە، گوێتـان لە ڕوونکردنەوەی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵاش بوو، ئێستا بڕیار بۆ ئێوەی بەڕێزە کە بڕیاری پەرلەمانە لەسەر لیژنەکەی لێکۆڵینەوە، ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینـەوە، ئـەو بەڕێزانـەی لەگـەڵن دەسـتیان بـەرز بکـەن، ئەوەی پاشان پێی خۆش نیە، دژی دەنگ دەدا، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز آمنة ذکری یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سایەی ڕاپۆرتا لیژنا بەڕێز لێکۆڵینا پەرلەمانی مە کۆمەڵەکێ پرسیارا هەی، وەختێ پرسـیارێت مـە نـەهێنا جەوابدان، ئەو وەختە.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە موناقەشە ناکرێ، فەقەت قبوڵی دەکەی یان قبوڵی ناکەی، کەرەمکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی بەرنامەی کار، جەنابتان نووسیوتانە خستنە ڕوو، خستنە ڕووش لە چەند دانیشتنی پێشتردا وابووە کە پێویستی بە دەنگدان نیە، ئەگەر ئەو ڕاپۆرتە پێویستی بە دەنگدانی پەرلەمانە، دەبێ بنووسرێ گفتوگۆکردن، ئەگەر پەرلەمانیش لە پەرلەمانێکی قسەکەرەوە بوو بە پەرلەمانێکی گوێ گر، ئەوە با خستنە ڕوو بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە پێی لیژنەی لێکۆڵینەوە، بەو شێوەیە دەڕوا، ئێستا لەبەر ئەوەی دەنگدانە، دوو بەڕێز ئەوەی لەگەڵ ڕاپۆرتەکەیە ڕەئی لەسەر بدا، دوو بەڕێز ئەوەی لەگەڵ دا نیە، دەنگ بدا و دەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا دوو بەڕێز ئەوەی تەئیدی ڕاپۆرتەکە دەکات، موناقەشە ناکرێت، أصولی ڕاپۆرتەکە بەو شێوەیەیە، تکایە، کاك فرست کەرەمکە.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (50) لە پەیڕەوی ناوخۆ، ئەوە نەصەکەیە، تەفسیرەکەش با بەڕێزان خۆیان تەفسیر بکەن، (ترفع لجنة التحقيق تقريرها و توصياتها إلى الرئيس لعرضها على المجلس بعد توزيع التقرير على أعضائه)، ئەوە تەعامول لەگەڵ ڕاپۆرتەکە بەو شێوەیەیە، بە ڕەئی من عەرزی تەصویت ئیعتیماد دەکرێت، یان ئیعتیماد ناکرێت، مەوزووعی موناقەشەش عایدی سەرۆکی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان تکایە هێمنی بپارێزن، ئێستا (3) کەس، ئەوەی تەئیدی ڕاپۆرتەکەی لێکۆڵینەوە دەکات، دیفاعی لێ دەکات، سێ کەس ئەوەی لەگەڵ ڕاپۆرتەکەیە ناوی خۆی بنووسێ، سێ کەسیش ئەوەی دژیەتی، ئەگەر موقتەرەحی تر هەیە بۆ موناقەشە، ئەوە دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، کێ موقتەرەحی هەیە کە موناقەشە بکرێت؟ فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ڕاپۆرتە دا، هەروەها لە وەڵامەکانی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵاش، کۆمەڵێك غموز هەیە، کە ئەگەر ئەو غموزانە بە پرسیار و بە گفتوگۆکردن ڕوون نەبێتەوە، بەڕاستی نایاساییە و جۆرێك لە دەستدانی متمانەی ئەندام پەرلەمانە کە دەنگی لەسەر بدات....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەلەن: نایاسایی نیە، بە پێی نیزام ئەوە ئصولەکەیەتی، بەڕێزان لە سەرۆکایەتی ئەو پێشنیارەمان هەیە، دەمێنێ بۆ ئێوەی بەڕێز، تەصویتی لەسەر دەکەین بۆ ئەوەی بەیانی موناقەشەی بکەین، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم، چونکە تەقریری وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەورۆ پێشکەش کراوە، جەنابتان دەزانن وەکو لە بەرنامەدا هاتووە، ئێمە کارێکی زۆر زەرووریمان هەیە و جەلسەی ئیستیسنائی بۆ بەستراوە، کە ئەویش کاری بودجەیە، کۆمەڵێك کار و پرۆژەی حکومەت چاوەڕوانمان دەکات، من بڕوا ناکەم ئەورۆ بۆ بەیانی وەختێکی کیفایەت بێ بۆ ئەوەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان وەکو پێویست بتوانن ئیتیلاع لەسەر ئەو ڕاپۆرتە بکەن، بەشێکی دیکەش کە گەڕاونەتەوە ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوە، ئەوەش ڕەنگە دوێنێ کەوتبێتە بەر دەستیان، بۆیە من داوا دەکەم ئەو بابەتە هەڵبگیرێت بۆ کاتێکی تر، بەیانی کاتێکی کەمە، لە جەلسەیەکی تردا کاتێکی بۆ دیاری بکرێت و گفتوگۆی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی، کەرەمکە سەرۆکی لیژنە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ دواخستن نین، چونکە کاتەکە زۆر گرنگە بۆ قوتابی و خوێندکاران، ئەوە ماوەیەکی زۆرە، ئەوان تا ئێستا چارەنووسیان دیار نەکرایە، بۆیە پێمان باشە بە زووترین کات بڕیارەکە بدرێ، ڕای لێژنەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە، کاك حمە سعید.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (54) بەشی (2) بڕگەی (2)، باسی هەر کێشەیەك و هەر گرفتێکی ئاوا دەکات، هەر ئەو ماددەیەش کە جەنابی کاك فرست خوێندیەوە، داوای ئەوە دەکەن کە گفتوگۆ بکرێ، بۆیە بە پێی ئەو دوو ماددەیەی لائیحەکە، گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتەکە بکرێ، بە بێ گفتوگۆ نەخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی لێکۆڵینەوە بەس تەصویتی لەسەر دەکرێ، چونکە ئەوان تەحقیقیان کردووە، لێکۆڵینەوەیان کردووە، بە چاوی خۆیان بینیویانە، خۆ تۆ جەنابت یان من یان کەسێکی تر لێرە ئەو شوێنەمان نەبینیوە، ناشتوانین هەر (111) بڕۆین لێکۆڵینەوە بکەین، ئەوە بە عەکسەوە، کاك برهان کەرەمکە.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە نازانین دەنگ لەسەر چی بدەین، قسەکان غموزی تێدایە، هەم تەقریرەکەی لیژنە، هەم قسەکانی بەڕێز وەزیری تەعلیمی عالی، مەفرووز نیە وەزیری تەعلیمی عالی، کە لێژنەی پێداچوونەوە

بەو زانكۆیانە تەقریریێكمان بداتێ، ئێمە بیخوێنینەوە و ئیتیلاع بكەین لەسەری، لەسەر ئەو ئەساسە دەنگ بدەین........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕجائەن، پەرلەمان خۆی لێژنەی پێكهێناوە، خەڵكی پسپۆری لەگەڵ بووە، چووینە زانكۆكان و هەموو شوێنەكانیان ئەوە بردووە، ئێستا ئەو پێشنیارە دووپات دەكەینەوە، تەصویت بۆ سبەی، گفتوگۆ و موناقەشە، كەرەمكە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە ئێمە لێرەدا حوكم دەكەین، كە دەڵێین حوكم دەكەین، بە دەنگدان حوكم دەكەین، مەعقول نیە گوێ لە تەرەفێك بگرین و گوێ لە تەرەفێك نەگرین، ئەم فرسەتەی ئەمڕۆ كە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا لێرەیە، ئێمە لەوانەیە كۆمەڵێك پرسیارمان لەلا دروست بووبێ، هەم لەسەر ڕاپۆرتەكەی ئەو، هەم لەسەر ڕاپۆرتەكەی لێژنەی لێكۆڵینەوە، ئایا مافی خۆمان نیە، ئێمە ئەو پرسیارە ئاراستەی هەردوولا بكەین؟ هەردوولا، ئەی كاتێك كە حاكم حوكم دەدا، تەنها گوێ لە یەك لایەن دەگرێ، یان گوێ لە هەردوو لایەن دەگرێ، ئێمەش لێرە دەوری حاكمت داوەتە دەستی ئێمە، دەنگ بدەین لەسەر شتێك مەفرووزە لەگەڵ هەردوو لایەن قسە بكەین، گوێمان لە ڕاو بۆچوونی هەردوو لایەن بێ، لەبەر ئەوە داوا دەكەین، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە ئێستا لەبەردەم موناقەشاتی بودجەداین، ئەوە ڕاپۆرتی وەزارەتمان بە دەست گەیشتووە، ڕاپۆرتی لێژنەكەمان بە دەست گەیشتووە، سبەی نا دووسبەی بڵێ، با سبەینێ نەبێ دوو سبەی بێ، لەبەر تەڵەبەكان، چونكە ئێمە مەراقمان تەڵەبەكانە، ئێمە ئەمانەوێ تەڵەبەكانمان كێشەكەیان بۆ چارەسەر بكەین، با سبەینێ نەبێ، دووسبەی بێ، بەڕێز وەزیر بێتەوە، لەگەڵ لێژنەكە دا لەوێ دابنیشن، هەر یەك دیفاع لە وجهەت نەزەری خۆی بكات، بۆ ئەوەی لە دواییدا قەناعەتێك لەلای هەموومان گەڵاڵە بێت، لەسەر ئەو ئەساسە دەنگ بدەین، نەك ئێستا لەسەر ئەساسی دوو وەرەقەی خوێندراوە، من بتوانم هین بكەم، بەڵام بەڕاستی زۆر موخالیفە بۆ زەمیری من، لەو حاڵەتەدا دەنگ بدەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیاری ئێمە بۆ سبەی كە هەم لێژنەكان خۆتان بخوێنن، چەند ڕۆژیشە هی لێژنەی لێكۆڵینەوەتان لەبەر دەستە، ئەوەی وەزیریش لەبەر دەستتان دەبێ، دەیخەینە دەنگدانەوە، كە دوابخرێ، بۆ ئەوەی سبەی بە تێرو تەسەلی گفتوگۆی لەسەر بكەین، پاشان لە نیهایەت بڕیاری لێ بدرێت، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە

**دوابخرێ بۆ سبەی؟ ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەورۆ تەصویتی لەسەر دەکەین، تکایە کێ لەگەڵە دوابخرێ بۆ سبەی؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ دواخرا، سبەی گفتوگۆی لەسەر دەکەین، سبەی موناقەشەی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، گوێتان لە ڕاپۆرتی بەڕێز وەزیریش بوو، لە لاشتان هەیە، لە کۆتاییش بڕیاری کۆتایی بۆ ئێوەی بەڕێزە، ئێستا بەڕێزتان کەرەمکەن، خوا ئاگادارتان بێ و زۆر بەخێر هاتن، ماوە خاڵی دووەم، خاڵی دووەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی مووچەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان-عیراق، تکایە لێژنەی یاسایی، کەرەمکەن بۆ شوێنەکەتان، نیزامیەکەی تۆم لە بیرە، کە هاتنە شوێنی خۆیان، بەسەرچاو، بەو ئیسلوبە قسە مەکە، تکایە سەحبی قسەکەت بکە، لێت قبوڵ ناکەم، ڕجائەن، بە ئیحتیرام لەگەڵ سەرۆکایەتی قسە بکەن، ئیحتیرامتان دەگرین، مەجالتان پێ دەدەین، ڕجائەن، بەو ئیسلوبە مەجال نەك بە جەنابت، بە هیچ کەسێك مەجال نادەم، تکایە، لێژنەی یاسایی بەلای کەم دوانی ترتان بێن، چونکە لێژنە یەك کەس نیە، ڕجائەن.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان،**

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ پرۆژە یاسا**

**سڵاو و ڕێزمان..**

**ئێمە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، هاوپێچمان گەڵالە کردووە، پرۆژە یاسا بە ناوی بڕینی مووچەی پەرلەمانتاران، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان، لەگەڵ ڕێزماندا.**

**1- شێروان حەیدەری**

**2- عەونی بەزاز**

**3- گۆران ئازاد**

**4- ڕۆژان دزەیی**

**5- عمر عبدالرحمن**

**6- أحمد إبراهيم وەرتێ**

**7- شوان كريم**

**8- حسن محمد**

**9- عبدالسلام مصطفى**

**10- جلال علي عبدالله**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوەی من دەیبینم، جیاوازی كردنێك هەیە لێرە، ئەویش ئەوەیە ئەو پرۆژە یاسایەی كە تایبەت بە پەرلەمانتاران و بڕینی مووچەكانیان، ئێمە لە مانگی (12) پێشكەشمان كردووە وەكو فراكسیۆنی گۆڕان و هەموو وردەكاریەكانمان تێدا كردووە، لەگەڵ موخەصەصات، لەگەڵ هەموو ئەوانەی كە تایبەتە بە پەرلەمان، زیاتریش لەو پرۆژەیەی كە حكومەت ڕەوانەی كردووە، پێم سەیرە هەڤاڵەكانمان چوار ڕۆژ پێش ئێستا پرۆژەیەكی وایان پێشكەش كردووە، دەخرێتە بەردەمی بەرنامەكەی جەنابتان، ئەوەی ئێمە لە مانگی (12)وە تاكو ئێستا پشتگوێ خراوە، بەڕاستی ئەوە جیاوازییەكە، پێم خۆشە جەنابتان ئاگادار بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو مولاحەزەیە، بە حەقیقەت من نەمبینیوە، بەڵام ئەگەر وابێت سبەی ئەویش دەخوێنینەوە و تەحویلی لێژنەكانیان دەكەین، بەسەرچاو، كاك زانا كەرەمكە.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نوقتەیەكی نیزامیم هەیە، تایبەت بە بەرنامەی كاری ئەمڕۆی دانیشتنی پەرلەمان، تەبیعی ئێمە هەموومان دەزانین لە ڕۆژی (2010/1/26) دا خوێندنەوەی یەكەم بۆ پرۆژەی بودجە كراوە، لە پرۆژەی بودجەدا ئاماژە بەوە دراوە ماددەی (13) كە مووچەی ئەندامانی پەرلەمان بەڕێژەی (10٪) دەبڕدرێ، دوایی كە سەیری ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییش دەكەین، بەڕێزانتان هەمووتان دەیبینن، لەو پرۆژەیە نووسراوە تەئیدی ئەو دەستەواژەیە دەكەن، بەڵام ئیقتیراحەكە صیاغە بكرێتەوە، كەواتە لە ڕووی ئەولەویەتی تەرتیب كردنی ئەو حاڵەتەوە، ئێمە لەبەردەمی پرۆژە یاسایەكداین، كە كار دەكات لەسەر بڕینی مووچەی ئەندامانی پەرلەمان، خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، بەڵام لە هەمان كاتدا ئێمە لە بڕگەی دووەمدا ئاماژە دەدەینەوە بە خاڵێك، ئەم خاڵە كە تیایدا پرۆژەكە ئەوڕۆ خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، كەواتە لەو حاڵەتەدا ئێمە لە ڕووی تەعاروزێكداین، پرۆژەیەكمان هەیە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، پرۆژەیەكمان هەیە ئەوڕۆ هاتووە، خۆ ئەگەر بێیتە سەر ئەوەی لە ڕووی ئەولیەتیشەوە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە لە فراكسیۆنی گۆڕان ئەوە پرۆژە یاساكەمانە كە بە ژمارەی یاسایی لە (12/16) دا پێشكەشی بەڕێزتانمان كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەلەن، بە نیسبەت ئەو پرۆژەیەی كە حكومەت تەقدیمی كردووە، ئێمە لێرە، فەرموو سۆزان خان، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکات لێ دەکەم مافمان لێ زەوت مەکە لە قسە کردن، موصادەرەی حەقمان مەکە لە قسە کردن، ئێمە بە هیچ شێوەیەك لە ماڧ خۆمان خۆش نابین لە قسە کردندا، دەبێت قسە بکەین، بۆمان هەیە قسە بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێرە پەرلەمانی کوردستانە، موشکیلەیەك لە نوقتەیەك هەبوو دەیخەینە بەردەمی ئێوە، قەراری لێ بدەن، بەوە رازین؟ دەیخەینە دەنگدانەوە، بەوە رازی نین ئیلتیزام بە نیزامەکە دەکرێت و دەڕوات برای ئازیز، خۆ بە زۆر نییە فەرزی بکەین، کەرەم بکە، کێ لەگەڵ ئەوەیە سەقفی زەمەنی تکایە راوەستا، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە سەقفی زەمەنی تەحدید بکات تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، زۆر زۆر جوان دیار نییە، بەو شێوەیە کە تەصویت بکرێت ئیحتیرامی رەئی ئەکسەریەت نەگیرێت، بەڕێزان، گوێ بگرن بە حەقیقەت بە عینادی نابێت، نیزام نیزامە، دەبێت ئیلتیزام بە نیزام بکرێت، چەند بەوشێوەیە ببێتن نابێتن، موشکیلەیەك هەبوو پەرلەمان قەرار دەدات، نیزام داخیلی نییە بەو شێوەیە، بەداخەوە لێی تێ نەگەیشتین، بە داخەوە، تکایە جەلسەکە تەئجیل دەکەین بۆ ماوەی یەك سەعات، بۆ ئەوەی حەددێك بۆ ئەو وەزعە دابنێین، سوپاس.

## دانیشتنی سێیەم

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشتنەکەمان ئێستا درەنگە سەعات حەوتە، دوا دەخەین بۆ سبەی سەعات (11) تاکو سبەی بە خواتان دەسپێرین و بەیانی لێرە حازر دەبین و کۆبوونەوەکانمان بەردەوام دەبێت و هەم راپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە یەکەم وەکو بڕیار بوو لەسەری گفتوگۆ بکەین، پاشانیش ئەو بەڕێزانە حازر دەبن ئاگاداریان دەکەینەوە لەسەر بودجە بەردەوام دەبین. تاکو بەیانی سەعات (11) بە خواتان دەسپێرین، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین.

کیلدوماهیکی ئەز پیرۆزباییا هەر پرۆژەك دکەم هەر قولاچەکا لە کوردستانا بێتە ئەوی دی کرن، جەنابێتە بی، بەلێ بىووره، جا پشتی ئەز چوومە سەرڤە بەرێزێك، ئەندام پەرلەمانێك دیڤ داهات گوتە من ئەگەر زەحمەت نەبت وەزیری پلاندانان پرۆژەی دروست کردنا قولاچەکی لە لیستەکە نییە، ئەز بێژم ئەڤ ناڤە تەشبیهت کر، گوتی بابە قولاچ ئەوەی دییە، یەعنی هەر زاویەیەکە، وابزانم ئەو مولاحەزاتانەی کە پێشتر وەرمگرت بوو لەسەر کۆمەڵێك پرۆژە کە تەوزیحاتی تێدا نییە، من دیسانەوە دەڵێم ئەو پرۆژانە ئێستا پێشنیارە لەبەر دەستی جەنابتانە، جەنابتان چ مەسەلەی موسادەقە کردن و چ مەسەلەی رەفز کردن و چ ئەوانە، جەنابت وابزانم رێگای قانونیەکەی ئەوەیە کە بە رەسمی تەوزیحاتەکە لێرە بکەین، من تەوزیحاتم پێ نییە بۆ ئەوە، ئەوانەش دەبێت دیسان ئیدراج بکرێت لەناو تێبینیەکان، چونکە وابزانم بەرنامەی ئەوە هەیە، ئامینە خان وەرە ڤاتە گەیشتە دەست من، دیسان ئەو مولاحەزاتا تە گوتی ژێ بەری ڤا من بێژم محاوەلە کری، راستی وەکو ئەولەویەت ئەز باش دزانم، کو ئەولەویەتا، ئەهمیەتا نەخۆشخانە لە دایك بوونێ پارێزگاها دهۆکێ، یەعنی تشتەکەکی زۆر گرنگە، ئەوانە ئەو ئەولەویەتەت کو فەرمانگا تەندروستیا دهۆکێ داینا، هاتینە ئیدراج ل زیمنی خوتەتێت واندا، ئەوت بێژن کێشە ئەوە کو مەبلەغێك پێویست، گوژمەی پێویست بۆ چێکرنا نەخۆشخانەکا مەزن مەبلەغێکی زۆرە، ژ بەر هەندێ ئەوان هەندێك مەشروع بیچیك ئەودی، بەس دگەل هەندێ ئەوە جەنابێتە گوتی جارا دیش ڤێ جارا دیش ئەز دبێژم گەلەك گرنگی یاهاتە وەرگرتن، ئینشائەڵلا حەمی بەشێوەیەك محاوەلەی هەندەکی کو بێتەچارەسەر کرن.

نازانم هەندێك گلەیی تر هەبوو، مەسەلەن لەسەر جادەی دوو سایت و ئەوانە، تەواو بووە، ئەگەر سایتی هەلگرین، ئەمە چونکە زۆر تیکرار بووە لەهەموو ناوچەکانیش بەراستی تێبینیەکانتان بەسەرچاو، زۆریش تەواوەو لە جێی خۆیەتی، مەسەلەی ئەوەی کە زیاتر لەمە موراعاتی رێژەی دانیشتوانی هەر شوێنێك بکرێتن، حەتمەن لەوەی موتەمەئین بن، هەر تەسەور دەکەم وەکو باسم کرد، ئەمە کۆتایی ئەوەکە نییە، ئێمە بەردەوامیش دەبین لەوە، بەلاّم ئێستا من نازانم لەوانەیە زۆر عەمەلی نەبێت لە زیمنی موناقەلاتیش هەندێك شت مومکین دەبێتن، قەت یەعنی ئەوە وەعد نییە کە من بە مەقەس دانیشم ئیتر ئەوەی کە حەدی ئیمکان بابلێین موسەیترین لەسەری تا حەددێکی زۆر مەسەلەی پارێزگاکانە، بەلاّم مەسەلەی قەزاکان، ئەوە ماوە زیاتر بە وردی ئیشی لەسەر بکەین.

پرۆژەی بینای لێرە نووسراوە، پرۆژەی حزبیەکان بەگشتی باسمان کرد، گوتمان پێویست دەکات تەفسیلی بکەم، چونکە وەزیرەکان وەلاّمیان پێ بوو، بەلاّم بە هەر حاڵ ئیتر، چونکە ئەمەیان گوتیان هی کۆمەڵێك خەڵکە، ئەمە وەزیری ئاوەدانکردنەوە هەڵبەتە وەلاّمەکەی دوێنێ پێی دام، وتی ئەو رێگای بۆ نموونە رێگای سلێمانی ـ عەربەت دراوە بە دوو بەڵێندەر، ئەمە وەلاّمی جیهەتی تەنفیزییە، یەکەمیان/ لە سلێمانی تا سنووری شارەوانی ئەمە بۆ وەزارەتی شارەوانییە، دووەمیان/ لە سنووری شارەوانی تا عەرەبەت وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە تەنفیزی کردووە، ناوی دوو جار هاتووە، ئەمە ئەو وەلاّمەیە کە ئێوەش نەتانتوانی

پەیوەندی پێوە بکەن، بەس بە هەر حاڵ لەمن کرا، بەسەرچاو، پرۆژە بۆچی تەواو بووەو پارەی بۆ دانراوە؟ وابزانم باسمان کرد مەسەلەی سولفەی نیهائی و مەسەلەی تەسویەی مالی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، پێنج دەقیقە کاتت ماوە، تکایە هەر پرسیارێك وەڵامێکت هەیە تەواوی بکە.

**بەڕێز د.علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك تەرح کرا بوو لەسەر مەسەلەی تەوزیع، چونکە هەندێك ئەرقامم گوێ لێ بوو، موعادەلات دروست کرا بوو لەسەر ئەوەی کە بابڵێین پێرکاپیتە بابڵێین هەر دەخل ئەگەر تەوزیعی بکەیت لەسەر هەمووی، میزانیەی هەرێم وەکو باسمان کرد لەم چەند رۆژە، میزانیەی تەشغیلیەو وەبەرهێنانە، تەشغیلی لەسەر عەدەدی ئەشخاصی هەرێمی کوردستان تەوزیع نابێت، میزانیەی تەشغیلی بەشێکی زۆری لەوانەیە لە پایتەخت بێت، ژمارەی موەزەفە، وەزارەتەکانە، شتی ترە، پرۆژەکان ئەوە مەنتیقی تێدایە، یەعنی ئینسان ئیش لەسەر ئەوە بکات، ئەگەر ساڵێکیش شوێنێك ئەوە نەبوو، ساڵەکەی تر تەعویزی بۆ بکرێتەوە، ئەگەر لەهەمان ساڵدا نەکرا کە تۆ هەمووی وەکو یەك تەماشا بکەیت.

باسی ئەوە کرا کە مەشاریعەکان زۆر دروست کردنە، بینایەتە، ئەو شتانەیە، تەنمیەیە بەشری تێدا نییە، ئەوە راستە، بەڵام وەکو باسم کرد ئەمە هەرێمێکە باوەڕ بکەن بونیەی تەحتی پێویست ناکات خۆمان بە وڵاتێکی زۆر زۆر دواکەوتوو موقارەنە بکەین، بەشەکانی تری عێراق لە ئێمە باشترە لە بونیەی تەحتی، هەلی کار ئەم مەشاریعانە هەرچەندێك بن و هەرچەندێکیان وەکو دەڵێن (ايدي العاملة)ی کوردستان بەکار بێنن، ئەمانە ئەیدی عامیلە فورسەی عەمەلیان بۆ دروست دەکەن، بەڵام فورسەی عەمەلی کە ئەو پرۆژانەش دروستی دەکەن، هەڵبەتە مەحدودە، یەعنی پرۆژەیەك ئەگەر مەجموعەیەك خەڵك پێی بژیت بۆ ماوەی دوو ساڵ تێدا ئیش بکاتن، دوای دوو ساڵەکە پرۆژەکە تەواو دەبێت، یەعنی بەردەوامەکە ئیلا ئەگەر مەشاریع ماوەیەکی درێژ هەر هەبن، بەڵام بە هەر حاڵ ئەوە راستە، ئەو تێبینیە تەواوە، وابزانم هەموومان موتەفقین کە پرۆژەکانی پشدەرو قەڵادزێ بەنیسەت دەرمانهێناوە بەردەوام و پێشنیار کراو دەبێت تەعویزیان بۆ بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین بۆ وەڵامدانەوەی، تکایە بۆ جێگای خۆت، بەڕێزان زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز کە گوێتان گرت لەو بەڕێزە، پێش کۆتایی هێنان بە دانیشتنەکە، رۆژی شەممە دادەنیشین خوا ئاگادارتان بێت، بەخێرو سەلامەت.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |